## هونەرمەند خەیرۆ عەباس و حەسەن شەریف... پاشماوە

راگەیاندن دەتوانن زۆر شت بکەن، ئەگەر دەزگاکانی راگەیاندن خوازیاری دروست بوونی هونەرێکی بەرز و زانستی و پێشکەوتووی کورد بن دەبێ ئەوانیش بەردەوام ئەو مەسەلەیە باس بکەن با هەر دەزگایە و لای خۆیەوە پشتیوانی بچووکی هونەرمەندان بێت ئەگەر ئێمە بە پشتیوانی دەزگاکانی راگەیاندن بە بەردەوام ئەو کێشەیەمان خستە بەر باس، بە دڵنیاییەوە زەختێک دروست دەبێت لەسەر لایەنی پەیوەندیدار تا بیر لە چارەسەرێک بکاتەوە. ئێمە وەکو کورد خاوەنی زۆرێک رۆژنامەنووس و رۆشنبیرین ئەگەر هونەرمەندەکان ئەوە ناکەن بائەوان وەک هونەردۆستێک زەختێک دروست بکەن من رەخنەم هەیە لە هەموو دەزگاکان کە شتێک بۆ ئەو مەسەلەیە ناکەن من ئەو کێشەیەم زۆر بیستوە کە بوونی هەیە بەڵام تاکو ئێستا لە کوردستان تیڤی لە کوردسات لە زاگرۆس لە هەموو تەلەفزیۆنەکان نەم بینیوە حەملەیەک بەرپا بکەن لە دژی ئەو مەسەلەیە بۆیە داوایان لێدەکەم جارێکی دیکەش، پاڵپشتی هونەرمەندان بن.

**رزگار رەزا: وەکو دەزانی تا ئەتایە هەموو میللەتێک پێویستی بە رۆشنبیری و نەتەوەیی و نیشتمانی و مێژوویی خۆی هەیە ئایا کارێکی باش نابێ کە هونەرمەندان لە ئەلبومەکانی ساڵانەی خۆیاندا بەرهەمێک تایبەت بکەن بەو مەبەستە؟**

**حەسەن شەریف:** بەڵێ من زۆر بە باش و بە پێویستی دەزانم کە ئەوە بکرێت من پار گۆرانییەکم تۆمار کرد بە ناوی (مزگێنی شەهید) بۆ ئەوە بوو هەردەم ئەوەمان لەبیر بێت کە ئەو ئازادییەی ئەمڕۆ هەمانە بەرهەمی خوێنی شەهیدانە و دەبێ وەفادار بین لە ئاستیان. هەر بۆ ئەوەش بوو من لە میهرەجانەکەدا (بەیتا لالش)م پێشکەش کرد کە ئەویش شتێکی نەتەوەییە بۆیە جارێکی دی دەڵێم زۆر زۆر لام پێویستە ئەو کارە بکرێ چونکە بەڵێ باشوری کوردستان ئازادە بەڵام زۆر جێی دیکەمان ماوە کە تاکو ئێستاش ژێر دەستەیە بۆیە زۆر کارێکی پیرۆز دەبێ لە هەر بەرهەمێکدا یان ئەلبومێکی هونەرمەنداندا گۆرانییەکی نەتەوەیی و نیشتمانی هەبێت کە وەکو وانەیەک وابێ لە هەست و هۆشی نەوەی کورددا بچەسپێ.

**رزگار رەزا: کاک خەیرۆ و کاک حەسەن ئێمە زۆر سوپاستان دەکەین بۆ ئەم دەرفەتە ئەگەر دوا پەیڤتان پێشکەشی خوێنەران بکەن سوپاستان دەکەین.**

**خەیرۆ عەباس: دوا پەیڤی من ئەوەی کە دواوا لە هەموو رۆژنامەنوسان دەکەم داوا لە هەموو تەلەفزیۆن و راگەیاندنەکان دەکەم بە سیستەمی عەرەب کار نەکەن کە بە پیرۆزی دابنێن و نەتوانن رەخنە بگرن لە منداڵێکی هەژارەوە لە بچووکترین جێی شارەوانییەوە تا سەرۆکی وڵات، لە جێی خۆی رەخنەیان لێ بگەن چونکە ئەگەر ئەوەمان کرد بە دڵنیاییەوە سەرکەوتوو دەبین و وڵاتێک لەگوڵ دروست دەکەین داواش لە هەموو دەزگاکان دەکەم داوا لە دەسەڵات دەکەم هەموو رەخنەیەک قبووڵ بکەن و ئیشی لەسەر بکەن زۆر سوپاس بۆ تۆ سوپاس بۆ رۆژنامەکەتان کە ئەوپەڕی** ئازادی قسەکردنی خوڵقاند.

**حەسەن شەریف:** دوا قسەی من جارێکی دی دوپاتکردنەوەی رەخنەکانمە لەوەی کە ماوەی (20) ساڵە من خزمەت بە هونەر دەکەم لەلایەن سەندیکای هونەرمەندانەوە هیچ شتێک بۆ من نەکراوە، جارێکی تر داوا لەدەزگاکانی راگەیاندن دەکەم کە گرنگی زیاتر بە هونەر بدەن داوا لە تەلەفزیۆنەکان دەکەم هەڵسەنگاندنی باشی هونەرییان هەبێ بۆ ئەوەی لە پەسەندکردنی بەرهەمەکان سەرکەوتوو بن وە هیوای سەرکەوتن بۆ هونەری کورد و تۆ و رۆژنامە بەڕێزەکەتان.